فيقهى ئاسان: پەرتووكى مامەڵەكان: دەروازەى حەوتەم: لەبارەى بريكارى (وەكالەتەوە )

# الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب السابع: في الوكالة

< kurdish - كردي - كوردى >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لەبارەی بریکاری ( وەکالەتەوە (

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵە داراییەکان، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی بریکاری ( وەکالەت )ـەوە دوو بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : پێناسەی بریکاری ( وەکالەت )، وحوکم وبەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی، بابەتی دووەم : مەرجەکانی بریکاری ( وەکالەت ) وهەندێك حوکمی پەیوەست پێوەی .

**بابەتی یەکەم : پێناسەی بریکاری (وەکالەت) و وحوکم بەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی .**

**یەکەم : پێناسەی بریکاری ( وەکالەت )** : مەبەست لێی ئەوەیە کەسێك کەسێکی تر بکاتە بریکاری خۆی، تاوەکو لەبری ئەو هەستێت بەو کارانەی کە بریکاریەتی تێدا دروستە .

**دووەم : حوکم وبەڵگەکان لەسەر دروستی و مەشروعیەتی وەکالەت** : بریکاری کە بە زمانی عەرەبی وەکالەتی پێ دەوترێت، لە شەریعەتی ئیسلامدا کارێکی دروست ورێگا پێدراوە، وەك خوای گەورە لەباسی هاوەڵانی ئەشکەوتدا فەرموویەتی : ﴿ فَٱبۡعَثُوٓاْ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمۡ هَٰذِهِۦٓ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ ﴾ [1] واتا : یەکێکیان ووتی : بەو پارەیەی هەمانە یەکێکتان بنێرن بۆ ناو شار ( بۆ ئەوەی سەرنج بدات کام خواردنە پاکترو باشترە هەندێکمان بۆ بێنێت )، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بریکاری، چونکە ئەو کۆمەڵە لاوەی لە ئەشکەوتەکەدا بوون، یەکێکیان لەناو خۆیان کردە بریکاری هەموویان کە بڕوات خواردنیان بۆ بهێنێت .

(1) سورەتی الکهف : ئایەتی : 19 .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا ﴾[1] واتا : بێگومان زەکات بۆ ئەو کەسانەیە کە هەژارانن، هەروەها بۆ ئەو کەسانەیە کە دەستکورتن و ئەوەی هەیانە بەشیان ناکات، وە بۆ ئەو کەسانەیشە کە کاروباری کۆکردنەوەو دابەشکردنی زەکات هەڵدەسوڕێنن .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە ڕێگای داوە کۆمەڵە کەسێك ببن بە کاربەدەست بەسەر زەکات وکۆکردنەوە و دابەشکردنەیەوە، لەبری ئەو کەسانەی کە شایستەی زەکات پێدانن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بریکاریەتی دروستە لەو کارانەی کە بریکاریەتی تێدا دروتە .

جابری کوڕی عەبدوڵلا، ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕیتەوە ودەڵێت : أردت الخروج إلى خيبر، فقال النبي (صلى الله عليه وسلم ) : {إذا أتيت وكيلي فخذ منه خمسة عشر وسقا .... }(2) .

واتا : جابری کوڕی عەبدوڵلا دەڵێت : وویستم بچم بۆ خەیبەر پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرمووی پێم : ئەگەر چوویتە لای بریکار ( وەکیلەکەم ) پازدە ویسقی لێ وەربگرە ....

هەروەها عروەی کوڕی جەعەد ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕیتەوە ودەڵێت : عرض للنبي ( صلى الله عليه وسلم ) جلب، فأعطاني دينارا فقال : {يا عروة، ائت الجلب فاشتر لنا شاة .... }  (3) .

واتا : عروة دەڵێت : کۆمەڵێك ئاژەڵ خرایە بەردەم پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم )، ئەویش دینارێکی پێدام، و فەرمووی : ئەی عروە بڕۆ بۆ لای ئەو کۆمەڵە ئاژەڵە و کاوڕێکمان بۆ بکڕە ..

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕاستی ودروستی بریکاری و وەکالەت لە فقیهی ئیسلامیدا، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لەبری ئەوەی خۆی بڕوات بیکڕێت، غروەی کردووە بە بریکاری خۆی بۆ کڕینی ئەو کاوڕە .

هەورەها موسڵمانانیش کۆدەنگن لەسەر ڕاستی ودروستی بریکاری و وەکالەت بەشێوەیەکی گشتی، چونکە پێداویستی خەڵکی کارێکی لەو شێوەیە دەخوازێت، لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك ناتوانێت

(1) سورەتی التوبة : ئایەتی : 60 .
(2) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3632) ڕیوایەتی کردووە، وە دارە قوطنیش لە سونەنەکەیدا، (155/4).
(3) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (3642) ڕیوایەتی کردووە،

هەرچی کار وئیشی هەیە خۆی پێی هەستێت و جێ بەجێیان بکات، بۆیە پێویستی خەڵکی وایکردووە کە بریکاری و وەکالەت کارێکی دروست و ڕێگا پێدرا و مەشروع بێت .

**بابەتی دووەم : مەرجەکانی بریکاری (وەکالەت) وهەندێک حوکمی پەیوەست پێوەی .**

بریکاری ( وەکالەت ) کردن چەند مەرجێکی پێویستە تاوەکو ڕاست ودروست بێت، ئەو مەرجانەیش بریتین لە : -

1- مەرجە هەریەك لە بریکار ( وکیل ) و بریکار گرتیش ( موکل ) لەو کانەسانە بن کە هەڵسوکەوت ومامەڵەیان ڕاست ودرست بن، باڵغ و ژیر وڕەشید بن .

2- بریکاری ( وەکالەت ) ڕاست ودروستە لە هەموو ئەو مامەڵانەی کەدەکرێت کەسانی تر جێ بەجێی بکەن، وەك کڕین وفرۆشتن، وتەواوی گرێبەستەکانی تر، وهەڵوەشاندنەوەکانیش، وەك تەڵاق و خولع، هەروەها تەواوی ئەو پەرستشانەی تریش کە دروست کەسانی تر پێی هەڵبسن، وەك دەرکردنی زەکات، وکەفارەت، ونەذر، وحەج، وهاوشێوەکانیان .

3- بریکاری ( وەکالەت ) لەو شتانەی کە دروست نیە کەسانی تر پێی هەڵبسن لە مافەکانی خوای گەورە، دروستیش نیە بریکاری تێدا بکرێت، وەك پاككردنەوەكانی دەست نوێژ و غوسل کردن، ونوێژ کردن .

4- بریکار مافی تەواوی هەیە لە هەڵسوکەوت کردن لەو کارانەی کە بریکار گرتەکەی ( موکل ) ەکەی مۆڵەتی داوە، یان لەو شتانەی کە خەڵکی لەسەر ڕاهاتوون، بەو مەرجەی ئەو مۆڵەتە نەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە بریکارگرتەکە ( موکل ) ەکەی .

5- دروست نیە بریکار ( وەکیل ) لەو کارەی پێی سپێرراوە کەسێکی تر بکات بە بریکاری خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی، کاتێك نەبێت کە بریکارگرتەکە ( موکل ) ەکەی ڕێگای پێ بدات، یان بریکارەکە نەتوانێ بەو کارە هەڵبسێت، یان باش شارەزا نەبێت تێیدا، ئەو کاتە کەسێکی تری دەست پاك وڕاستگۆ دەخاتە شوێنی خۆی بۆ ڕاپەڕاندن و جێ بەجێ کردنی ئەو کارەی لە سەرەتاوە پێی سپێررا بوو .

6- بریکار ( وکیل ) خۆی لەخۆیدا دەبێت کەسێکی دەستپاك و ڕاستگۆ بێت لە ڕاپەڕاندنی ئەو کارەی پێی سپێرراوە، بۆیە کاتێك هەڵدەسێت بە ئەنجامدانی ئەو کارە سپێرراوە ئەگەر زیانێکی کرد، نابێتە زامن و بژێررەی زیانەکە، مەگەر کاتێك نەبێت ئەگەر هاتوو کەمتەرخەمی کردبوو لە کارەکـــەیدا، ئەو کاتە دەبێتە زامن و بژێررەی ئەو زیانەی کەوتووە لە بریکارگرتەکەی .

7- بریکاری ( وەکالەت ) گرێبەستێکی دروستە و موباحە، بۆیە هەردوو لایەنی گرێبەستەکە بۆیان هەیە هەرکاتێك بیانەوێت گرێبەستەکە هەڵبوەشێننەوە .

8- گرێبەستی بریکاری ( وەکالەت ) بە مردن یان شێت بوونی یەکێك لە دوو لایەنی گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە، هەروەك چۆن بە هەڵوەشاندەوەی لە لایەن یەکێکیانەوە هەڵدەوەشێتەوە، یان بە لادانی بریکارەکە، یان بە حیجر خستنە سەری بەهۆی گێژی وگەمژەییەوە هەڵدەوەشێتەوە .

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین زیاتر شارەزامان بۆکات لە ئاینەکەی، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر چاوڕونی وبەصیرەت، هەنگاوەکانمان هەڵنێین، ومامەڵە وپەرستن وعبادەتەکانمان ئەنجام بدەین، ئامین یارب العالمین ] .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم